وەزارەتی پەروەردە ماتەمینی بە گیانی قوتابیانی ڕووداوی بەسرە ڕادەگەیەنێت

وەزارەتی پەروەردە، ئەوارەی ئەم سەشەمە، ماتەمینی بە گیانی قوتابیانی ڕووداوی هاریسە لە بەسرە ڕاگەیاند.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕاگەیاند"وەزیری پەروەردە، ئیبراهیم نامیس ئەلجبوری، سەرخەشی و هاوخەمی قووڵی خۆی ئاراستەی کەسوکاری قوربانیانی ڕووداوی بەسرایی کردووە کەبوو هۆی گیان لەدەستدانی ٦ کەس و بریندارکردنی ١٠ کەسی دیکە، کەبرینی هەندێکیان سەختە، وداوای لە خودای گەورە کرد لێیان خۆش بێت و سەبر و دڵنەوایی بەکەس و کاریان بدات، و هیوای چاکبوونەوەی خێرا بە بریندارانی خواستووە، هەروەها ماتەمینی بە گیانی قوربانیانی ڕووداوەکە ڕاگەیاندووە.

ئاماژەی بەوەشدا" پێشتر وەزارەت ئاماستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کردبوو، داوای لێکردن پردی پیادە یان سیاجی پاراستن بە پاراستنی سەلامەتی قوتابیان دابین دروستی کەن، جگە لە وەش ڕێنمایی بە پەلە بە ئیدارەکانی خوێندنگەی تەنیشت شەقامەکانی دابوو کە ویاربن لەکاتی پەرینەوەی قوتابیان و هاوکاریان بکەن و ڕە دیکەی بەکار بێنن بە پەرینەوەیان.